# مۆریتانیا
# له وڵاتی ژەنەراڵەکانەوە بۆ قەڵای دیموکراسییەتو شەفافییەت

**مەجید ساڵح**

ئەو ئەزموونە دیموکراتییەی لەم یەك دوو ساڵەدا وڵاتی مۆریتانیای پێدا تێپەڕی، ئەزموونێکی کەموێنەیە، بەڵام لای راگەیاندنەکانی ئێمە بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدرا. ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ ناساندنی هەندێك لە رووەکانی ئەزموونی مۆریتانیا لە بەرقەرارکردنی دیموکراسییەتو شەفافییەتدا. ئامانج لە خستنەڕووی ئەوەیە سیاسەتمەدارو نوخبەی رۆشنبیری ئێمە، کەڵکی لێ ببینین.

له 2005/8/3 ژمارەیەك لە ئەفسەرەکانی پاسەوانی سەرۆکایەتیو ئیستیخباراتو ئاسایشی نیشتیمانی بە سەرۆکایەتیی "عەقید عەلی ولد محەمەد فال" لە مۆریتانیا لە کودەتایەکی سەربازییدا توانییان "مەعاویە ولد تایع" لەسەر کار لابدەن بە شێوەیەی کاتی "ئەنجومەنی سەربازیی بۆ عەدالەتو دیموکراتی" وڵات بەڕێوەببات. ئەم کودەتایە لە هیچ روویەکەوە لەو کودەتا سەربازییانەی دیکە نەدەچوو کە لە ئەفریقاو وڵاتانی تری جیهانی سێ، روویاندەدا. ئەو هەنگاوە جەربەزەیە شایانی ئەوەیە قسەی لەسەر بکرێتو وەك نموونەیەکی جوانی گواستنەوەی دەسەڵات لە دەستی دیکتاتۆرێکەوە بۆ گەل بخرێتەڕوو.

مۆریتانیا یەکێکە لە وڵاتانی باکووری ئەفریقا کە لەپاش سەربەخۆبوونەوە، بە دەستی دەسەڵاتی سەربازییەوە دەتلێتەوەو هیچ هەلێکی پەرەپێدانی لەبەردەمدا نەکراوەتەوەو لە ریزی پێشەوەی ئەو وڵاتانەیە کە گیرۆدەی دەستی گەورەترین شێوازەکانی گەندەڵیی ئیدارییو دارایی بووەتەوە.

## مۆریتانیا وڵاتی کودەتاکان

مۆریتانیا دەکەوێتە رۆژئاوای ئەفریقاوەو وڵاتە دراوسێکانی بریتین لە: مەراکیشو سەنیگالو ئەلجەزائیر. فەرەنسییەکان پێیانوایە وشەی مۆریتانیا وشەیەکی گریکییەو مانای "زەویی بیزانییەکان maure " دەگەیەنێت. بیزانییەکان دانیشتووانی رەسەنی مۆریتانیان، دوابەدوای ئەوان ئەمازیغییەکان کۆچی بۆ دەکەنو لە سەدەی سیازدەهەمیشدا چەند خێڵێکی عەرەب لە سەعیدی میسرەوە دێنو بەزۆر خۆیان دەسەپێننو دەست بەسەر وڵاتەکەدا دەگرن. پایتەختی مۆریتانیا شاری "نواکشۆت"ە، رووبەرەکەی 1,030,700 کم$^2$و ژمارەی دانیشتووانەکەشی 2,667,859 کەسە. لە 28 تشرینی دووەمی ساڵی 1960، پاش چل ساڵ لە داگیرکردن، لەلایەن فەرەنساوە سەربەخۆیی بەدەستهێنا. جگە لە زمانی عەرەبی کە زمانی رەسمییە، زمانەکانی "ولفیە"و"بولاریە"و "سوننکیە" لەو وڵاتەدا بەکاردێت.

مۆریتانیا یەکێکە لەو وڵاتانەی بە کودەتای سەربازیی ناسراوە، چیرۆکی کودەتا یەکلەدوایەکەکان لە مۆریتانیا دەگەڕێتەوە بۆ 10ی تەممووزی 1978 کاتێك سوپای ئەو وڵاتە (ولد دادە)ی سەرۆکی هەڵبژێردراوی لە تەخت هێنایە خوارەوەو لەجیاتی ئەو، سەرۆکی ئەرکانی سوپا (مستەفا ولد محەمەد ئەلسلك) دانیشت. سوپا هۆکاری ئەو کودەتایەی گێڕایەوە بۆ بەشداریکردنی مۆریتانیا لە شەڕی "سەحرا"، شەڕێك کە وڵاتەکەی هێنابووە سەرچۆكو زیانێکی گەورەی پێگەیاندبوو.

دوای ئەوە، بەهۆی ململانێی ئەفسەرەکانەوە لەگەڵ یەکتریدا، رەوتی کودەتای سەربازیی خێراتر بوو، ئەوەبوو دوای ساڵێك محەمەد مەحمود ولد ئەحمەد "ئەلسالکی" لە کار لاداو خۆی نیشتە شوێنەکەی، زۆری پێنەچوو موقەدەم محەمەد خونا ولد هیدالە" دەسەڵاتی لە محەمەدەکەی تر سەند، هێشتا وچانێکی نەدابوو لە 1981/3/17 رووبەڕووی هەوڵێکی کودەتا بوویەوە، بەڵام توانیی دایبمرکێنێتەوە. زۆری پێنەچوو لە 12 کانوونی یەکەمی 1984دا مەعاویە ولد ئەحمەد تایع کە وەزیری بەرگریی بوو، کودەتایەکی سەرکەوتووی کردو دەسەڵاتی گرتە دەست.

ولد تایع بە رەگەز عەرەبەو زۆر نزیك بوو لە بەعسییەکانی عێراقەوەو تا کاتی رووخاندنی، هاوکارێکی زۆر نزیکی سەدام حسێن بوو، لە هاتنەسەرکارییەوە تا لەکارلادانی، سەدان هەوڵی کودەتای سەرنەکەوتووی لە دژ کراوە، مەعاویە ئەو هەوڵانەی دەقۆستەوە بۆ سەرکوتکردنو لەناوبردنی نەیارەکانی، بەتایبەتی ئەوانەی لە نەژادی ئەفریقی بوون. بەپێی ئەو ئامارانەی "رێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤی مۆریتانیا" بڵاویکردووەتەوە، مەعاویە لە 21 ساڵی دەسەڵاتیدا هەزاران ئەفسەرو سەربازی بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ کودەتا لەسێدارە داوە.

لە ماوەی دەسەڵاتی ولد تایعدا، بارودۆخی ئابووریو سیاسیی مۆریتانیا زۆر خراپ بوو. ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە لەژێر گوشارو تۆقینێکی زۆردا بوو،

گەندەڵیی‌و بەرتیلوەرگرتن گەیشتبووە ترۆپك. ئەو بارودۆخەی کە دەسەڵاتە ڕەهاکەی مەعاویە دروستیکردبوو، پێویستی بەوە هەبوو گۆڕانێکی بنەڕەتیی بەسەردا بێت، هەربۆیە گۆڕانەکە لە سەردەستی نزیکترین کەسی خۆیەوە دەستیپێکرد.

## کودەتایەکی دیکە، بەڵام لە جۆرێکی تر

لەو کاتەی کە مەعاویە لە پرسەی مەلیك فەهد بوو لە عەرەبستانی سعودیە، خەڵك لە تەلەفزیۆنەکانیانەوە تەنها گوێیان لە خوێندنی قورئان بوو بە بۆنەی پرسەکەوە، لەناکاو پەخشی تەلەفزیۆنەکە وەستاو پاش کەمێك ژنەبێژەری مۆریتانی "فاتمە بنت شیخنا" لە سەر شاشەکە دەرکەوتو دەستیکرد بە خوێندنەوەی یەکەم بەیاننامەی ڕووخانی ڕژێمی مەعاویە ولد تایعو دەسەڵاتگرتنەدەستی "ئەنجومەنی سەربازیی بۆ عەدالەتو دیموکراتی". خوێندنەوەی بەیاننامەکە لەلایەن ژنێکی دەنگناسکەوە خۆی لە خۆیدا نیشانەیەك بوو بۆ باشی دەسەڵاتدارە نوێیەکان، چونکە کودەتاچییەکانی پێشوو ڕاهاتبوون لەسەر ئەوەی بەیاننامەکانیان لە لایەن پیاوانی دەنگگەورەو نێرەوە بخوێنرێنەوە.

دوابەدوای ئەوە، سەرۆکی "ئەنجومەنی سەربازیی بۆ عەدالەتو دیموکراتی" عەلی ولد محەمەد فال ڕایگەیاند ئەو بە هیچ شێوەیەك بەنیاز نییە دەسەڵات لە دەستی خۆیدا بهێڵێتەوەو لە ماوەی 19 مانگدا هەڵبژاردنی پەرلەمانو ئەنجومەنی شارەوانییەکانو سەرۆکایەتیی وڵات سازدەکاتو دەسەڵات تەسلیم بە مەدەنییەکان دەکاتەوە. ئەوە بوو ولد فال ڕێك لەو کاتەی پەیمانی دابوو، دەسەڵاتی تەسلیم بە مەدەنییەکان کردو خۆی بۆ هیچ پۆستێك کاندید نەکرد.

## نەخشەی سیاسیی حزبەکانی مۆریتانیا

پاش کودەتاکە، نەخشەی سیاسیی مۆریتانیا گۆڕانی زۆری بەسەردا هات، دەکرێت ئەو حزبانەی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا بەشدارییان کردووە بۆ چوار جۆر دابەشبکەین: یەکەمیان: حزبە ئۆپۆزسیۆنە تەقلیدییەکانی وەك: (اتحاد القوى الديمقراگيه عهد جديد، التحالف الشعبى التقدمى، تكتل القوى الديمقراگيه بە سەرۆکایەتی أحمد ولد داداه، اتحاد قوى التقدم بە سەرۆکایەتیی محەمەد ولد مەولود).

دووەمیان: ئەو حزبانەی پێشتر دەسەڵاتیان لە دەستدا بووە، وەك: حزب الجمهوری للديمقراگيه والتجديد.

سێیەم: ئەو هێزانەی تازە سەریانهەڵداوە، وەك: التيار الإسلامى الموريتانى، حزب الاتحاد والتغيير الموريتانى (حاتم)، هەردوو حزبی الصواب وتمام.

چوارەم: ئەو کۆمەڵە کەسانەی سەربەخۆ بوونو لە حزبی دەسەڵاتداری پێشوو و هەندێك حزبی دیکە پاشەکشەیان کردو پێیان باشبوو وەك سەربەخۆ دابەزن.

## هەڵبژاردنی بایبایکردن لە کودەتای سەربازیی

لە ساڵی 1960ەوە تاکو ئێستا 10 جار هەڵبژاردن لە موریتانیادا کراوە، بەڵام بە هەموو پێوەرەکان هەڵبژاردنەکانی 20 نۆڤەمبەری 2006بۆ پەرلەمانو شارەوانییەکانیو 11ی ئازاری 2007 بۆ سەرۆکایەتیی مۆریتانیا، لە هیچ ڕوویەکەوە لەوانەی دیکە نەدەچوون. چونکە کودەتاچییەکانی ئەم جارە سوربوون لەسەر پاکێتیی هەڵبژاردنەکان.

لەو کاتەی دەنگی خۆی دەخستە ناو سندوقی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو شارەوانییەوە، سەرۆکی ئەنجومەنی سەربازیی مۆریتانیا لەبەردەم میدیا عەرەبیو جیهانییەکاندا دەستەواژەیەکی زۆر گرنگی وت؛ دەستەواژەیەك کە لەدوای سەربەخۆبوونەوە گەلی مۆریتانیا چاوەڕێی بوو، ئەو وتی: "بەڵێ بای بای سەردەمی کودەتای سەربازیی". بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەو وڵاتەدا بە چاودێریی لیژنەیەکی سەربەخۆی هەڵبژاردنو بە ئامادەبوونی نوێنەرانی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبیو یەکێتیی ئەوروپاو یەکێتیی ئەفریقاو نەتەوە یەکگرتووەکانو ڕێکخراوی فرانکۆفۆنی جیهانیو نوێنەری ئەمریکاو چەندین وڵاتی تری جیهان، لە مۆریتانیا هەڵبژاردنێکی ئازاد کرا. ئەوەی تێبینیی دەکرێت هەموو ئەو ڕێکخراوو وڵاتانەی کە چاودێریی هەڵبژاردنەکەیان دەکرد، ڕەزامەندیی خۆیان بۆ پاکێتیی هەڵبژاردنەکە دەربڕیو بە نموونەیەکی جوانی هەڵبژاردنیان لەقەڵەمدا، بە ڕادەیەك ڕێژەی ئەوانەی بەشدارییان نەکرد لە 20٪ تێنەپەڕیو ئەوەش لە چاو وڵاتانی عەرەبیدا ڕێژەیەکی زۆر کەمە.

نزیکەی یەك ملیۆنو 70 هەزار دەنگدەر لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو شارەوانییەکاندا بەشدارییان کرد بۆ هەڵژاردنی 216 کەس لە ناو 1222 کەس بۆ ئەنجومەنی شارەوانی، هەروەها لەنێو 411 پاڵێوراو بۆ پەرلەمان، 95 کەسیان هەڵبژێردران.

دواتر پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵات لە ژەنەراڵەکانەوە بۆ مەدەنییەکان بە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار کۆتاییهات. لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییشدا 19 پاڵێوراو ململانێیان کرد، پاش ژماردنی دەنگەکان دەرکەوت "محەمەد ولد شێخ عەبدوڵڵا" ڕێژەی 53٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە. بەم جۆرە بوو بە سەرۆکی نوێی مۆریتانیا. ئەوەی تێبینی دەکرا ئەوە بوو، ڕکابەرەکەی "ئەحمەد ولد دادە" لە جیاتی ئەوەی ئەو هەڵبژاردنە بە خراپ لەقەڵەمبدات وەك باوە لەم جۆری هەڵبژاردنانەدا، کەچی ئەو پیرۆزبایی بردنەوەی لە عەبدوڵڵا کرد بە بۆنەی بردنەوەیەوە.

ئەم هەڵبژاردنانە لە چەندین رووەوە گرنگیی هەبوو، لە سەرووی هەموویانەوە ئەوە بوو بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەو وڵاتەدا ئەوانەی بە کودەتاکە هەستابوون، خۆیان بۆ هیچ پۆستێك کاندید نەکرد. ئەوەش نییەتە راستەقینەکەیان دەردەخات کەوا ئەوان تەنها دەیانویست دەسەڵاتێکی دیموکراسیی دابمەزرێنن نەك هەڵپەی دەسەڵاتیان هەبێت.

مۆریتانیا ئێستا زیاد لە هەموو کاتێك کەوتووەتەوە سەر راستەهێڵی گەشەسەندنو پەرەپێدانی هەمەلایەنەو ئەو هەنگاوانەی تاکو ئێستا لەلایەن حکومەتە هەڵبژێردراوەکەوە نراون، بەڵگەن بۆ ئەوەی سەردەمی کۆن بۆ هەتاهەتایە لە گۆڕنراو دووبارە نابێتەوەو ئایندەیەکی گەشیش چاوەڕێی گەلو وڵاتی مۆریتانیا دەکات.

*****